پیاوێك پرسیاری له پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- كرد سەبارەت به قیامەت، ووتی: كەی قیامەت ڕووەدات؟ فەرمووی: «ئایا تۆ چیت بۆ ئامادە كردووە

لە ئەنەسەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پیاوێك پرسیاری لە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- كرد سەبارەت بە قیامەت، ووتی: كەی قیامەت ڕووەدات؟ فەرمووی: «ئایا تۆ چیت بۆ ئامادە كردووە». ووتی: هیچ، مەگەر ئەوە نەبێت من خودا وپێغەمبەرەكەیم خۆشدەوێت -صلى الله عليه وسلم-، فەرمووی: «تۆ لەگەڵ ئەوانەیت كە خۆشت دەوێن». ئەنەس ووتی: ئاسوودە نەبووین بە هیچ شتێك هێندەی ئاسوودەییمان بەم فەرموودەی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-: «تۆ لەگەڵ ئەوانەیت كە خۆشت دەوێن»، هەروەها ئەنەس ووتی: من پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- وئەبوبەكر وعومەرم خۆشدەوێت، وهیوادارم لەگەڵ ئەوان بم بە خۆشەویستیم بۆیان، ئەگەرچیش كردەوەكانم وەكو كردەوەكانی ئەوان نابێت.

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری]

پیاوێكی دەشتەكی -ئەعرابی- پرسیاری لە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- سەبارەت بە كاتی ڕوودانی قیامەت؟ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: ئایا چی كردەوەیەكی چاكت بۆ ئامادە كردووە؟ پرسیاركار ووتی: كردەوەی زۆرم نییە بەڵام من خودا وپێغەمبەرەكەیم خۆشدەوێت، وهیچ شتێكی تری باس نەكرد لەو پەرستنانەی بە دڵ ولاشە وسامان ئەنجام دەدرێن؛ چونكە هەموویان لقێكن لەو خۆشەویستیە و لەسەری دامەزراون، وخۆشەویستی ڕاستەقینە هاندەرە بۆ كۆششكردن لە ئەنجامدانی كردەوەی چاكدا. پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: تۆ لە بەهەشتدایت لەگەڵ ئەوانەی خۆشت دەوێن. بۆیە هاوەڵانی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- زۆر دڵخۆشبوون بەم موژدەیە. پاشان ئەنەس -ڕەزای خوای لێبێت- ڕایگەیاند كە ئەو پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- وئەبوبەكر وعومەری خۆشدەوێت، وبە هیوای ئەوەیە لەگەڵ ئەوان بێت، ئەگەرچیش كردەوەی وەكو كردەوەی ئەوان نابێت.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3087

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee